کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-10-2007 1:17بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# کوردەکانی بریتانیا لەحاڵ وگوزەرانیان دەدوێن ئامادەکردنی: کاوە ڕەش

**بریتانیا**



لەمرۆدا بەشێکی زۆری کورد بەناو وولاتانی خۆرئاوادا بلاو بوونەتەوەولەدەرەوەی وولاتەکەیانەوەدە یانەوێت ژیانێکی باشتر بۆخۆیان وخێزانەکانیان مسۆگەر بکەن. یەکیک لەو وولاتانەش بریتانیای گەورەیە کەپەنابەرێکی زۆری کورد رووی تێکردووە، دەربارەی جیاوازی ژیان و گوزەران و ئارەزووی گەرانەوەیان بۆ کوردستان، ئەوان بەم شێوەیەبۆمان هاتنەدوان.

یەکیک لەو کوردانەکەبەنەورۆز هەولێری خۆی ناساند گوووتی: من تەمەنم سیی ساڵەو خاوەن خیزانم و دوو منداڵیشم هەیەو لەساڵی دووهەزارەوەلەوولاتی بریتانیام نەورۆز دەربارەی بەجێهیشتنی کوردستان دەڵێت: ئەوەی وای کرد من بێمەئێرەبەدەرەجەی یەکەم ئەو نایەکسانییەی کوردستانەبوو، کەئێستاشی لەگەڵدا بێت خراپ تربووە. ژیان لەکوردستان هیچ گرەنتیەکی لەگەڵدا نیەیاسا بۆمن هەیەبەلام، بۆ بەرپرسەکان نیەکەژێرخانی کوردستانیان وێران کردووەبەگەندەڵی و باخەڵ پرکردن. خۆشی و پارەو سامان وخوێندن سەفەرو ئاوو کارەباو زەوی ودەیان شتی تر بۆ ئێمەنیە، بەڵکو هەمووی لەخزمەتی سەرۆک و بەرپرسەکاندایە. نەورۆزدەڵێت با ئەوانەی ئەمرۆ بەرپرسن بروایان بەدیموکراسی هەبێت و دەسەلات بدەنەدەستی ئەو هەموو گەنجەی کەئەمرۆ پێدەگات تا گۆرانکاری لەکوردستان دروست ببێت. ئەگەر ئەوان نەتوانن بەشازدەساڵ، شازدەسەعات کارەبا و ئاو بۆ گەرەکێکی کوردستان دابین بکەن چیان پێدەکرێت؟ نەورۆز دەڵێت بەراستی شەرمەبۆ دەسەلاتی کوردی کەئدیعای دیموکراسی و دەسەلاتی یاساو سەقامگیری ئاسایشی ناو کوردستان دەکات، لەکاتیکدا دەیان خەڵکی بەبێ دادگایی کردن لەزیندانەکاندان لەو لاشەوەبەسەدان ئاسایش وپۆلیس و دەزگای زانیاری وپاراستن موچەیان بۆ سەرف دەکرێت کەچی لەناو جەرگەی پایتەختەکەمان تەقینەوەدەکرێت. بەسەتاکەی لەسەر تەلەفزیۆنەوەبەقسەو بەڵێنی بریقەدار ئەو خەڵکەدەخەڵەتێنن. نەورۆززیاتردرێژەبەقسەکانی دەدات و دەڵێت من لێرەپەناهەندەم رۆژێک ئیشم نەبیت حوکمەت لێم دەپرسێتەوەبەلام حوکمەتی کوردی ئێستا خانوو بەسەر خەڵکی هەژاردا دەروخێنێت. لەجیاتی خانووجێگای بۆدابین بکات. نەورۆز دەڵێت لێرەکوری سەرۆک وەزیری بریتانیا ناتوانێت مافم بخوات، بەڵکو لەهەموو جیگایەک وەک یەک سەیری هاولاتیان دەکەن بەپێچەوانەی ئەو ولاتەی لێی لەدایک بووم. لەبارەی ئارەزووی گەرانەوەی بۆ کوردستان نەورۆز دەڵێت من تا وەزعی کوردستان ئەوها بێت نیازم نیەبگەرێمەوەکوردستان. رەنگەبڵێن تازەرزگارمان بووەبەلام ئەو داهاتەی لەکوردستان هەیەلێرەنیە. دەربارەی بەدەمەوەو هاتنی کوردەکانی دەرەوەنەورۆز گووتی حوکمەتی کوردی کێشەو گرفتی کوردەکانی کوردستانی بۆ چارەسەر ناکرێت، چۆن بەدەنگ ئێمەوەدێت کەکێشەیەکمەن هەبێت.

هێمن یەکێکی ترەلەو گەنجانەی چوار ساڵ لەمەو بەر رووی لەدەرەوەی کوردستان کردووە، بەهۆی کەمی مەفی پەنابەرییەوەلەبریتانیا، دەڵێت مافی پەنابەریم نیە. هێمن دەڵێ ژیان لێرەبۆ من ئاسانترو خۆشترەوەک لەکوردستان. بەلام هەر کاتێکیش کوردستان بەرەوباشی بروات و بتوانرێت تێیدا ئاسودە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بین دەگەرێمەوەبەلام لەم کاتەدا کوردستان تەنها بەناو هەیەنەک وەک جیگایەک بۆ ژیان. بەلام با ئە وەش بلێم بەس بۆ مەسئولەکان بەهەشتەچونکەلەهیچ شوێنێکی دنیا ناتوانن وا بەئاسانی ببنەخاوەنی ئەو هەموو سامانەلەو ماوەکەمەدا. هێمن دەلێ تا حالی کوردستان وابێت مەحالەبگەرێمەوەبۆی. چونکە لەگەل ئێرەراهاتووم هەرچەندەژیان لێرەماندوو بونی زۆریشی دەوێ.

ئوسامەی تەمەن بیست وحەوت سال کەسەرگەرمی کار کردن بوو لەدووکانی پیزا دەلێ من خەلکی شاری هەولێرم و لەسالی دوو هەزارەوەلێرەم مافی پەنابەریم هەیەوەئەوەی وای لێکردم بێمەئێرەتەنها چاو لێکەری بووەبەلام لەگەل ئەوەشدا سودم لێرەبینیووەلەرووی ئابوری و رۆشنبیریەوە. وا توانیومەتا رادەیەک فێری زمان ببم. ئوسامە دەلێت:من ژیانی کوردستانم پێ خۆشترە لێرەبۆیەرەنگەلەداهاتوودا بەیەکجاری بگەرێمەوەکوردستان.

یەکێکی ترلەو گەنجانەکەناوی رەشیدەگەنجێکی تەمەن بیست و یەک سالەو دەلێت: من لەکوردستان خاوەنی هیچ نەبووم بەلام لێرەتا رادەیەک توانیومەسود بەخۆم و مالەوەبگەیەنم هەرچەندەماوەی چوار سالەلێرەم مافی پەنابەریم نیە، بەلام نامەوێت بچمەوەوولاتێک کەخەرق بووەلەگەندەلی و بێزاری. رەشید گلەی ئەوەش لەدەسەلاتی کوردی دەکات کەبەردەوام کوردستان وا بەدەرەوەنیشاندەدات کەبێکەمووکوریەبۆیەئەمرۆ کورد لەهیچ وولاتێک مافی پەنابەری نادریتێ و رەوانەی وولاتەکەیان دەکە نەوە. کەلەراستیدا پرەلەکەمو کوری.

kawa_rash@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.